# کلتوری کوردیی-ئیسلامیی و دیاردەی توندوتیژی و تیرۆریزم

**شێرکۆ کرمانج**
**خوێندکاری دکتۆرا لە بەشی دیراساتی دەولی لە زانکۆی ساوس ئوسترالیا**

**بەشی یەکەم....**



ماوەیەکە لە کوردستان و لە دەرەوە زۆر بابەت لەسەر دیاردەی تیرۆریزم و توندوتیژی لە کوردستان دەنوسرێت، گفتوگۆو کۆڕو سیمیناری لەسەر دەبەسترێت، پێشنیازی زۆریش لەسەر شێوازی بەرانگاربوونەوی ئەم دیاردەیە دەخرێنە بەرباس و لێکۆڵینەوە. ئەوەی من زۆر بە زەقی هەستیپێدەکەم خۆ لادانە لە هۆکار و پاڵنەرە سەرەکییەکانی ئەم دیاردەیە. من لێرەدا هەوڵدەدەم تا بۆمبکرێت بێ ئەملاو ئەولا و بێ دوودڵی خۆیان لە قەرەبدەم. مەبەستیشم لە هۆکارە سەرەکییەکان رۆڵی ئایین و دەسەڵات و کلتوری زاڵ و سیستەمی پەروەردەیە. بەتایبەتی ئایین و دەسەڵات کە بە داخەوە هەردووکیان بوونەتە دوو کایەی "بڤە" لە کوردستان.

پێموایە پەیوەندییەکی قوڵ لەنێوان توندوتیژی وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و تیرۆریزم وەک دیاردەیەکی سیاسیی هەیە. دەتوانین بڵێین کە تیرۆریزم فۆرمێکی باڵای توندوتیژییە یان بە شێوەیەکی دیکە تیرۆریزم زادەی توندوتیژییە. بۆیە لێرەدا بە جووتە جارجاریش بە تێکهەڵکێشراوی دخرێنە بەر گفتوگۆ و لێکۆڵینەوە.

سەرەتا با بەکورتی پێناسەیەکی هەردوو چەمکی توندوتیژی و تیرۆر یان تیرۆریزم دەکەین. بەشێوەیەکی سادە توندوتیژی بریتییە لە هەر کارێک یان قسەیەک کە هەستی کەسێکی دیکە یان جەستەی ئازار بدات، بەتایبەتی ئەو کار و قسانەی کە کاریگەریی درێژخایەنیان هەیە و مەبەستێکی پێشوەختی لەپشتەوەیە. تیرۆر terror وشەیەکی فەرەنسی کۆنە، یەکەمجار لە سەدەی چواردەهەم بەکارهاتوە، لە وشەی terrere ی لاتینی وەرگیراوە کە مانای ترساندن یان تۆقاندن دەگەیەنێت. تیرۆریزم بریتییە لە خوڵقاندنی ترس و تۆقاندن بەمەبەستی هێنانەدی گۆڕانکاریی سیاسیی. واتە، تیرۆر تاوانێکە کە ئامانجێکی سیاسی لە پشتەوە بێت. ئەنجامدەری کارێکی تیرۆریستی دەکرێ تاکە کەس، رێکخراوێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان ئایینیی بێت، یان ئەوەتا دەوڵەت بێت. کارە تیرۆریستییەکان هەندێجار بە ئەنجامدانی چالاکییەک کۆتاییان پێدێت و هەندێجاریش بەردەوام دەبن و چەندان چالاکی لەخۆدەگرن و بەشێوەی جیاجیا ئەنجامدەدرێن. دەکرێ جۆری یەکەمیان بە تیرۆریزمی تاکەکەسی (فەردی)و جۆری دووەمیان بە تیرۆریزمی رێکخراو ناوببەین. تیرۆریزمی رێکخراو، بەگشتی، دەزگایەک یان چەندین دەزگای تایبەتی سەر بە دەوڵەتێک یان رێکخراوێک ئەنجامیدەدەن. بوونی ئامانجێکی سیاسی و دەستنەپاراستن و رەشەکوژی و تۆقاندن خسڵەتی هەرە سەرەکی کاری تیرۆریستین. لەپاڵئەمانە، تیرۆریستان هەمیشە بەدوای خاڵە لاوازەکانی دوژمنەکانیاندا دەگەڕێن و دەیانەوێت چالاکییەکانیان دەنگۆی زۆری لێپەیدا بێت لەگەڵ ئەوپەڕی زەرەرو زیان، مرۆیی بێت یان ئابوریی یان دەروونی.

مێژووی تیرۆریزم دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتایی پەیدابوونی کێشە سیاسیی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵگە مرۆییەکان. ئەگەر وەک دیاردەیەکی ئەم رۆژگارەش باس لە تیرۆریزم لە کوردستان بکەین، ئەوە دەکرێ هۆکاری سەرهەڵدانی تیرۆریزم و توندوتیژی بگێڕینەوە بۆ کۆمەڵێک هۆ کە پەیوەندییان بە دەسەڵاتی

کوردیی و ئاینی ئیسلام و کلتوری باو و سیستەمی پەروەردەییەوە هەیە، ئەوە بێجگە لە چەند هۆکارێکی دەرکی. من لەم باسەدا وام پێباشە پەنجە لەسەر هۆکارە ناوەکییەکان دانێم و بە هۆکارە ئاینییەکان دەست پێبکەم.

**ئاینیی ئیسلام و توندوتیژیی**

ئاشکرایە کە کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی ئیسلامییە، لەبەرئەوە، دەمەوێت ئاماژەیەکی خێرا بە مێژووی تیرۆر لەناو موسڵمانان بکەم. دەبێ لەسەرەتا ئەو راستییە بدرکێنین کە ئیسلام وەک ئاینێ لە کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی لە دایکبوو، بۆیە هەڵگری کۆمەڵێک بەها و پراکتیزی خێڵەکیی عەرەبییە. هەروەک زانای کۆمەڵایەتیی عەلی وەردییش ئاماژەی پێکردووە، یەکێک لە پرینسیپ و بەها هەرە سەرەکییەکانی کۆمەڵگە عەرەبییە خێڵەکیەکان تۆڵەسەندنەوەیە، ئەم پرینسیپە لەخۆیدا کێشە سیاسییەکان بەرەو ئاقاری تیرۆرکردنی دژەکان پەلکێشدەکات. ئەوەش دەکرێ بەهۆیەکی هەرەسەرەکی گەشەکردنی دیاردەی تیرۆر لە مێژووی موسڵماناندا دابنرێت. ئەمە بێجگە لەوەی دەقە ئاینییەکانی ئیسلام لە پێش هەموویانەوە قورئان دەیان ئایەتی تێدایە کە راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پاساوی کوشتنی ئەوی دی (الاخر) دەدات. بۆنمونە لە سورەتی تەوبە هاتووە "وەل ئەوانەدا بجەنگن کە بە خوداو رۆژی سەڵا بێباوەڕن و هەرچی خواو پێغەمبەری خوا بە ڕەوایان زانیوە، ئەمان بە ناڕەوای دەزانن و نایەنە سەر دینی راستیش، تا ئەو کاتەی بە زەلیلی و بە دەستی خۆ، سەرانەی خۆ (خۆیان) بەنگۆ دەدەن" (قورئان 9: 29).

لەپاڵئەمەش عولەما و فوقەهاکانی موسڵمانان دنیایان بەسەر دوو بەرەدا دابەشکردوە،ماڵی ئاشتی و ماڵی شەڕ (دار السلام ودار الحرب). بەگوێرەی ئەم تێڕوانینە، مەبەست لە "ئەوی دی" نا موسڵمانانن یان هەر کەسێک لەگەڵ خەتی بیرکردنەوەی ئەوان نەگونجێت. نمونەی ئێجگار زۆر لە مێژووی موسڵمانان هەیە کە بهێنرێنەوە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە مێژووەکەیان تا بن باڵ غەرقی تیرۆرە. لە سەرەتای دروستبوونی کێشە سیاسییەکان لەناو موسڵمانان، تیرۆر وەک ئامرازێک بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان دەستی بۆ بردراوە. بۆنمونە، کوشتنی سیان لە چوار خەلیفەکانی راشدیین. مەبەستم کوشتنی عومەری بن خەتاب و عوسمانی بن عەفان و عەلی بن ئەبیتالیبە، کە دەکرێت بە سەرەتای دەستپێکردنی تیرۆر لە مێژووی موسڵمانان دابنرێت (لە ڕاستیدا هەموو جارێ کوشتن تیرۆر نیە). دواتریش بە قەتلوعامکردنی بنەماڵەی پێغەمبەر (اهل البیت) کە ئیمام حوسێن سەرکردایەتی دەکردن گەیشتە ترۆپکەی. هەتککردنی لاشەی ئیمام حوسێن و بردنی کەلەی سەری لە کەربەلاوە بۆ دیمەشق و هەڵواسینیشی لەوێ، لەگەڵ ئەمانەی سەرەوە، دەکرێت بە سەرەتای پەرەسەندنی تیرۆر وەک دیاردەیەک لە مێژووی موسڵمانان دابنرێت. ئەتککردنی لاشەش هەر نەرێتێکی خێڵەکی عەرەبی بووە کە تێکەڵ بە ئیسلام کراوە. بۆنمونە، هیندی ژنی ئەبو سوفیان لاشەی ئیمام هەمزەی لە شەڕی ئوحددا هەتککرد. دەبێ ئەوەش بڵێین، کە مردنی لێدەرچێت، ژمارەی ئەو خەلیفە و سەرکردە موسڵمانانەی ئاشتیانە کورسی دەسەڵاتیان بەجێهێشتوە، لە مێژووی چواردە سەدەی موسڵمانان تا ئەمڕۆ، لە پەنجەکانی یەک دەست تێناپەڕن. زۆربەی هەرە زۆری خەلیفە و ئیمام و سەرکردە موسڵمانەکان بە دەستی برایانی ئاینیان، لەپێناو ئامانج و دەسەڵاتی سیاسی، تیرۆرکراون. زۆربەیجاریش تیرۆرکەر (بکوژ) کوڕ یان برا یان ئامۆزا یان مامی کەسی تیرۆرکراو بووە. ئەمشێوە پراکتیزو بەرخوردە لەبەرابەر نەیارانی سیاسی بوون بە بەردی بناغەی دیاردەی تیرۆر و کلتوری ڕق و قەبوڵنەکردنی جیاوازی لەناو موسڵمانان، هەروەک گوتیشم بنەمایان لەسەر بەها و نەرێت و پراکتیزە عەرەبییە خێڵەکییەکان داناوە.

ئێستا دەکرێ باس لەکاریگەری ئەم دابونەرێتەی موسڵمانان لەسەر کلتوری کوردی بکەین. کورد وەک هەر نەتەوەیەکی دیکەی ئەم ناوچەیە لە سەدەی هەشت و نۆی زاینیی بەشێوەیەک لە شێوەکان بوون بە موسڵمان و ئێستاش زۆربەی هەرە زۆریان خۆیان بە موسڵمان دادەنێن و پراکتیزی ڕێوڕەسمە ئیسلامییەکانیش دەکەن. بەئیسلامبوونی کوردیش بەشێوەیەکی سروشتییانە خستییە ژێر کاریگەری ئەو کلتورە. ئەوە بەو مانایە نیە کە دیاردەی تیرۆر پێش هاتنی ئیسلام لەناو کوردانا نەبووە. من ئەو ئیدیعایەی کە هەندێک لەسەر پاکیزەیی کلتوری

کوردی دەیکەن بە ئیدیعایەکی بێ بنەما دەزانم، یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم نوسینە هەڵوەشاندنەوەی ئەم بۆچوونەیە. دیارە ئەم بوارە دەبێ لێکۆڵینەوەی زانستی و مێژوویی زیاتری لەسەر بکرێت، کە لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەم کورتە لێکۆڵینەوەیە.
کە باس لە هۆکاری ئایینی دەکەین مەبەستم ئەوەیە بچمە بنج و بنەوانی ئەو گوتارە ئایینییەی کە توندوتیژی وەبەرهەمدێنێ، نەک هەر گێڕانەوەی هەندێک روداوی مێژوویی. ئایینەکان بەگشتی جیهانبینێکی ئایدیالیستانەیان هەیە. واتە موریدەکانی ئایینێک لە جیهانبینی ئایینەکەیانەوە تەماشای دیاردەکانی کۆمەڵگەو سروشت دەکەن و لەو دیدەوەش چارەسەرو مامەڵە لەگەڵ کێشەکانی کۆمەڵگەکەیان دەکەن. ئایینی ئیسلامیش وەک ئایینی زۆربەی خەڵکی کوردستان بۆ هەندێک کەس، ئەگەر نەڵێین زۆربە، بۆتە ڕوانگەی جیهانبینییان. کێشەکەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە تێگەیشتنی سونەتیانە لە ئایینیی ئیسلام، ئەوەی زۆربەی عولەما و فوقەهاکان پەیڕەوی لێدەکەن و بڵاویدەکەنەوە، خەڵکانێکی سادەی کوردستانیش پەیڕەوی لێدەکەن. ئەمیش دانانی ئیسلامە بە هەقیقەتێکی ڕەها و چارەسەرێکی ئاسمانی و پیرۆز بۆ کێشەکانی سەرزەوی، کە گفتوگۆ هەڵناگرن و بەهیچ شێوەیەکیش جێگایی گومان نین. ئەمجۆرە تێگەیشتنە بووەتە هەوێنی تاکڕەویی فکریی لەلایەن ئەو خەتە فکرییەی موسڵمانان. مەبەستم ئەوەیە بیریاران و پەیڕەوکارانی ئەو خەتە فکرییە تەنیا خۆیان بە خاوەن هەقیقەت دادەنێن، پێشیانوایە هەقیقەتێکی ئیلاهییە. هەموو خەتە فکرییەکانی دیکە بە ناتەواو و چەواشە و دنیایی دادەنێن. لەبەرئەوەی هەقیقەتەکەی خۆشیان بە ئاسمانی و موقەدەس دادەنێن ئەوە پاساوی دژایەتیکردن بگرە لەناوبردنی هەموو هەقیقەتەکان یان هەڵگرانی خەتە فکرییەکانی دیکە دەدەن. بۆیە وەک گوتمان لای ئەوان دنیا دوو ماڵە ماڵی موسڵمانان کە ماڵی ئاشتییە لەبەرابەر ماڵەکەی دیکە کە ماڵی شەڕە.
ئەو هەلومەرج و فەزا سیاسیی و کۆمەڵایەتییەی ئەمڕۆ لە کوردستان لە ئارادایە لەگەڵ قەیرانی ئابوری (کە دەسەڵاتی کوردی لێیبەرپرسە و دواتر باسی لێوەدەکەین) بۆتە مایەی گەشەکردنی بێچارەیی و نائومێدی و نامۆیی. لە ژینگەیەکی ئاواشدا بیری ئایینیی وەک بەشێکی سەرەکی و گرنگی ژیانی رۆحیی کۆمەڵگە، تەشەنەدەکات. لە کۆمەڵگەی موسڵمانی کوردیش ئایینیی ئیسلام بۆتە ئەو پەناگایە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە. وەک گوتیشمان، بیرۆکە ئایینییەکانی ئیسلامیش، لانیکەم وەک ئەوەی کە تا ئێستا تەفسیرکراون، ڕەهایین چونکە ئیسلام بە ئاخرین ئایین دەناسرێت و پێغەمبەرەکەشی بە مۆری کۆتایی پێغەمبەران دانراوە. لەبەرئەوە ڕەهایی ئیسلام لە ڕەهایی هەموو ئایینەکانی دیکە ڕەهاتر ناسێندراوە.
ئا لێرەدایە ئەو کەسانەی چ بەڕاستی باوەڕیان وایە کە ئیسلام چارەسەری هەموو کێشەکانی پێیە یان ئەوانەی بەمەبەستی گەیشتن بە دەسەڵات بانگەشەی ئەو جۆرە چارەسەرییە دەکەن، ئەوا کەڵکیان لەو بارودۆخەی کە لەناو کۆمەڵگەی کوردی خوڵقاوە وەرگرتووە و بۆ مەبەستەکانی خۆیان بەکاریاندێنن. نابێ ئەوەش لەبیرکەین کە سەرچاوە سەرەکییەکانی ئیسلام چ قورئان چ سوننە پڕن لەو دەق و گوتەو کردەوانەی کە ئیسلامییەکان دەتوانن بۆ پشتڕاستکردنەوەی بانگەشەکانیان بیانهێنەوە. بەبێ ئەوەی هیچ بارێکی سەرنج بدەنە بارۆدۆخ و هۆکاری دابەزین و نوسینی ئەو دەقانە، واتە ناپرسن ئەو دەقانە بۆ کێ و بۆچی و کەی هاتوون؟ لە راستیدا، دەقە سەرەکییەکانی ئیسلام بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی کە هەزارو چوارسەد ساڵ پێش ئێستا لە نیمچە دوورگەی عەرەب دەژیان، دابەزیون. بۆیە سەپاندنیان لەسەر کۆمەڵگەکانی ئەمڕۆ لە سوکایەتیکردن بە ئیسلام هیچی دیکەی لێوەبەرهەمنایەت.

**دەسەڵاتی کوردیی و توندوتیژیی**

دەسەڵات هۆکارێکە کە هەم دەکرێ وەک هۆکارێکی توندوتیژی تەماشا بکرێت هەم وەک هێزێک کە دەتوانێت کاریگەریی هەبێت لەسەر کەمکردنەوە یان نەهێشتنی توندوتیژی. لە کوردستان کەمن ئەوانەی باس لە دەسەڵات

دەکەن وەک هۆکارێک لە پشت توندوتیژییەوە، ئەگەر ئاماژەشی بۆ بکەن بە هۆکاری سەرەکی دانانێن و پینەوپەڕۆی بۆ دەکەن. لە ڕاستیدا، بێمبالاتی و کەمتەرخەمی دەسەلأت هۆکارێکی هەرە سەرەکی گەشەی دیاردەی توندوتیژییە. ڕەخنەی سەرەکیشمان ئەو خالأنەن: نەبوونی یاسایەکی گشتگیر و هەمەلایەنە کە بتوانێت هەم لە مالەوەو هەم لە دامودەزگاکانی دەولەت دیاردەی توندوتیژی بەهەموو شێوەکانییەوە بنبڕ یان لانیکەم کەمبکاتەوە. لە پاڵ ئەمدا، دابینەکردن و زامنەکردنی دیموکراسی بە مانا ڕاستەقینەکەی، واتە ڕێگەنەدان بە دەربڕینی هەموو بیروڕایەک بە بە بیروڕا ئیسلامییەکانیشەوە. نەڕەخساندنی هەلی یەکسان بۆ هەموو هێز و لایەن و تاکەکەسەکانی کۆمەڵگە بەمەبەستی تەعبیرکردن لەخۆیان و ڕێکخراوەکانیان. بۆنمونە، نەبوونی ڕێکخراوی پیشەیی سەربەخۆ و کارا. دیارە لە کوردستان ڕێکخراوی، بۆنمونە، قوتابیان، مامۆستایان هتد... هەن، بەلأم پرسیاری سەرکی ئەوەیە، ئایا تەعبیر لە خواست و ئارەزو و مافی قوتابیان و مامۆستایان دەکەن؟ ئایا خەبات بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەو مافەکانی قوتابیان و مامۆستایان دەکەن؟ یان بوونەتە ئامرازێک بە دەست حیزبە کوردییەکان بۆ بەحیزبیکردنی مامۆستایان و قوتابیان. ئەمە لەسەر زۆربەی هەرە زۆری ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکانی کوردستان جێبەجێدەبێت. دەسەلأت لە کوردستان تا ئەو رادەیە رێگە بەکاری ڕێکخراوەیی دەدات کە لەگەڵ ئامانج و مەرامەکانی خۆی بێتەوە.

دەسەلأتی کوردی پڕبەپێست هەلی یەکسانی بۆ خەڵکی کوردستان نەڕەخساندوە. مەبەستمان لە هەل، ڕەخساندنی باری گونجاوە بۆ خوێندن و کارکردن و دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان. لە کوردستان ناحزبییەکان بە هاولأتی دەرەجە دوو حیسابدەکرێن. لە دامودەزگاکانی کوردستان گەندەڵی ئیداری و ئەخلاقی بە شێوەیەکی بەربلأو هەستی پێدەکرێت. بۆنمونە، تەندەری کۆنتراکتەکان لەسەر بنەمای بنەمالەیی و خزمایەتی و حزبایەتی وەردەگیرێن. دیارە ئەگەر ئەو کەسانە کۆنتراکچی لێهاتوو و خاوەن ئەزمونیش بوونایە، لەوانەبوو چاوی لێبپۆشین بەلأم بەداخەوە نوێنەرانی حیزبەکان کۆنتراکتەکان هەر لەسەر کاغەز دەفرۆشنەوە!!!

لە کوردستان ئەگەر حزبی نەبیت، مەگەر چۆن، دەنا بیر لە خوێندنی بالأ مەکەوە، چونکە ئەوە دنیایەکە حزب بە کۆنتراکت گرتویەتی. بەرتیل و ڕەشوە و واسیتە سێ کوچەی دەزگاکانی حکومەتن لە بەرێوەبردنی کاروباری هاولأتیان. ژنانی کوردستان ئەگەر دەرگای کارکردنیشیان لەبەردەم بکرێتەوە لەبەر ڕێزگرتن لە مافی کارکردنیان نیە، بەڵکو بۆ نیازی شاراوەی دیکەیە. هەموو ئەو گەندەڵیی و بێمافییانەی بە خەڵکی کوردستان دەکرێن بەبێ ئەوەی دەزگایەکی سەربەخۆ بۆ لێپرسینەوە هەبێت. بەڕاستی جێگەی سەرسوڕمانە تەنانەت وەزارەت و دەزگاو ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤیش لە کوردستان حزبیین یان سەر بە دەولەتی حزبیین. لەوانەیە کوردستان تاکە شوێن بێت کە وەزارەتی مافی مرۆڤی لێبێت. ئەمانەو چەندانی دیکە کە ماوەی باسکردنیمان نیە، بوونەتە هۆی ڕەخساندنی ژینگەیەک کە خەڵکانی سەر بە هەندێک توێژی کۆمەڵگەی کوردی تووشی نامۆیی و بێئومێدی و بێچارەیی کردوە. ئەم بارە سایکۆلۆجیەش بووەتە مایەی دروستبوونی ڕقێکی گەورە کە زۆرجار بەشێوەی توندوتیژیی یان بە کاری تیرۆریستی دەردەبڕدرێت.

**لەبەشی دووەمدا باس لە ڕۆڵی کلتور و سیستەمی پەروەردە دەکەم.**

ئەم بابەتە لە 2008/06/17 لە ژمارە 343 ڕۆژنامەی میدیا بلأوکراوەتەوە.